وەزیری ناوخۆ و بایەزی ئێران تاوتوێی پرۆپۆزەی دەروازە سنوورییەکانی نێوان هەردوو وڵات دەکەن

عەبدولئەمیر شمری وەزیری ناوخۆ لەگەڵ محەمەد کازم ئال سادق بایەزی ئێران لە بەغدا گفتوگۆی کرد سەبارەت بە پتەوکردنی ڕێکارە هاوبەشەکانی ئاسایشی سنووری و هاوکات تاوتوێی پرۆپۆزەی دەروازە سنوورییەکانی نێوان عێراق و ئێرانیان کرد.

وەزارەتی ناوخۆ لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند : عەبدولئەمیر شمری وەزیری ناوخۆ لە نووسینگەی خۆی لەگەڵ بایەزی ئێران لە عێراق کۆبووەوە.

لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە : وەزیر لەگەڵ میوانەکەیدا گفتوگۆی لەسەر ڕێکارەکانی داهاتووی سەردانیکەرانی چلە و ئاسانکاری بە هاتنە ژوورەوەی میوانەکان و بابەتەکانی دیکەی پەیوەست بەم بەنە ملیەنیەوە.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا وتی: هاوئاهەنگی و هاوکاری هاوبەشی نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێ لە بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و ڕەگریکردن لە ئەپەراسیۆنەکانی قاچاخچێتی، هەروەها باس لە پرۆپۆزەی دەروازە سنوورییەکان کرا، هەروەها پتەوکردنی ڕێکارەکان بە دەستبەرکردنی ئاسایشی سنووری عێراق و ئێران.